# سەفەر

سەلیم ئارووم

بەدەم ڕێی ڕەواوەی ڕەو، لە سەر تەتەڵەی باڵی بڵاوی شەماڵ و زینی شنە شنی شـنە «بـا» و شنینەوەی وەنەوشەی هەست، لە گەڵ یەکەم ترپەی تریوەی تـراوی هـەنگاوی بـارانی تـەریو و شڵاپی شڵپەی گوڕمی گۆمی خوێنی چاوەی چاوم ، وشەی دەم خونچەی سینەباخچەی ماڵی کـاڵی خەیاڵم وەخۆ دەخەم. پێنووسی پێ برینی بێ بڕەوم، بیرە خەوێ لەبانێژەی خوێـن دەشکێـنێ و کاروان کاروان بڕینی بێ بڕانەوەی برین بیراوبیر دەخۆن و باڕێژەبارانی چاوی ڕێژەڕێـزە سـەر ئاخون. شەو شەکەتە، ماندوو و کەنەفتی ڕێگای دوور، لە سەر حەریری کاتەکان، سات سـات بـۆ ئۆخژن و هێوری هۆمەنی هۆرژنی گریان و بە دەم ماری زولفی لوولی ڕێگا، هۆن بە هۆن ڕۆنـدکی چاوان وەک دەنگی زەنگی شەوێنی بێدارانی شەو، شوێنگەی شـەو دەشێوێـنێ و شـەقڵی شـکۆی شەوگار دەشکێنێ. کیژی بەیان دەسرازەی دەستی لانکی شلوێـی شـەوی شـل کـرد و سـەردەمەی سەری لەسەر لادا. دەلادە لای حەزی شلک و سـاوای لادراوم تـا وەلاوێ کڵـی دڵـی دڵـاوانم. تـۆ کازێوەی بەربەیانی بێ بەیانی، من ڕێبوارێکی لەشەو هەستاو ، دێمە لات و باوەشـت دەکـەم بـە وڵات. وڵاتێکی بێ باران، باڕن و بۆرانم، دای دە بـاران، تـۆ بـارانی؛ چـەپکە ڕیحانـەی ڕووحـم ویشکەڵاتوو. بۆ بووی بە پەڵە هەورێکی بەپەلە، دای دە باران لێوی حەزەکانم ڕێبوارێکی تۆز لێ نیشتوو، هۆ خاڵە ڕێبواری ڕێ بە ڕێ ون بوو!!! چاو مەگێڕە، بەهارەو خێڵ بەرە و ژوورە.

بدێـرە ئێـرە چـەپکە تیرێـژ، ئاسمـان خۆڵـەمڕە و خـەزەڵوەری ئەستێـرەیە. گۆچـانی ژان بەدەستەوە، کوا گەڕەکی ئەستێرە؟ سیرەی چاو و سەیری دڵ لەگەڵ کزەی شەماڵ جێ پێی ماچێک جێ بهێڵین، بێ ساوە ساو لە ئاسمانی هەور و ساوی دڵدارەکان ببین بە ئەستێرە و تریفە باوێـن بە تاو.

مانگ لە سوێیە، لە بێستانی سوورە بانوو ئەسپەری سپێدارت پێ بکوتـە، بـا بـە کـەردوو بەرەژانی هیوای لە کڕ کەوتوو هەڵدەینەوە و شەغرە شەغرە چڵی خەڵفی خـۆری بـزە لـە تـەرە دەین.

گەڕە لاوژەی زامی هیوای خنکاو گڕ کەین و دڕ دەین بەزرمەو زیلەی خەنەبەندانی خەم و کـەت کەین حەزەکانی کەت کراو و کزر بێ کرژە هەنگاوی کزەی هەناوی کزاو.

هۆ لالۆ خەمەی کاکۆڵ سپی!!! دەلالۆ، دەلال!!! سەری سەر سەنیری سەربزێنت هەڵبڕە، بۆ وا بە پەلە پەلی ئەسپی ڕەوتی ڕەوت پەل هاویشت و پەلت دا لـە دەراوی دەوار و دەمـەنی دورگـەی هەور. تۆ شەنگە سواری بەژن شوش و زراوی، بچەلێنە چەلێ چـەمی خـەم، هەڵکێشـە ڕمـب بـا برەوێ ڕمبەڕمبی بێ ڕمێنی شەوە زەنگی بێ پساوی پساوتوو. لێ دە ڕکێفی ماینی شـێ خـز، هـۆ سوارەکەی سەفەر کردووی سەربالی هەور. دڵی کزی هۆزت تـەزی بـە تـەزووی تـۆزێ بـە ژانی کۆچت. ئاسمان دەبریسێنێ، کڵپەی دڵی گڕی پەیامی مەرگەزێیە، ڕێ داگـرە چـل پلـەی عومـمانێ

شۆڕەلاسەکەی باڵداری باڵەکیان بۆ گوڵی شۆڕانێ. « بە قەد خیزی لە چۆمان، بە قەد ماسی لە گۆمان، بە قەد گەڵای لە داران، بە قەد خوناوکەی باران » بۆ خۆزگەی خزی خوێن تزاو و دڵ کزاو و هەڵکزاوت؛ سڵاو بۆ سندووقە سەری باڵات.

هۆ ئاشنا! دووریت شەوێکی کڕ و دەشتێکی قڕ و چیایەکی چڕە.ڕێگایەکی گرێ و گۆڵ و دەرو دۆڵ، هەڵت و هەڵدێرو هەڵەمووت، بست بەبستی مەرگەجاڕە، جاوە، داوە، داموسکێکی بادراوە و تەپکەیەکی چێندراوە. کۆترێکی کۆتەرەبووم بەدەم ژانی بە ژانەوە، بە دەس باشووی شەوی کەوی بەزامەوە.

لە هەواری خاڵی یادت، سوارێکی هەناسەسواوی بە سۆ ساوم، ناکەوم تا داکەوم، نابەزم تا دابەزم. بە باڵای خەیاڵ دا دەچم تا سەر باڵی بانی پانی هەوری هەراوی یادت هەڵدەچم، قوول قوول ئەستێرەکان لە قوول دەگرم بۆ شەبەقی شەوقی شۆق بدێری شەقاوی شەقامی شەوگار.

پیتەکانی بە پیتی پێ بەکوان وەک ئەستێرەیەک لە ڕۆژنامەی ڕۆژانەی ئاسمانی هەناو کوتاو ڕادەخووشێ، دادەخووشێ لە بان شانی کاکەشان. کامە خامەی خانی خاوەن بیرێ، زۆر بە بیرێ، کوا دەوێرێ خۆ بوێرێ لە قەرەی قڕەی قەڵەمی لە قڕ کەوتووم. پاش کۆچی سوورت وشەکان بێ وشە، ورشە و گرشەن، ڕستەکان بێ بڕست و نابڕشت. بێچۆوشەی دایک مردووی، سەر شێواو و قڕ کەوتوو، کوا بانۆکێک بیانخاتەبەر بەر دایکەڵێ لە شاڵاوی خوێناوی کولافی کۆلارەی کۆست.

شابازی بەرزە سوار!!! بازی نیگات دابەزێنە سەر شاخی داخی داخ کەوتوو، بڕوانە ئەسرینی نەسڕاوی نەسرین بەدەم تیری لاتیری خەستی بارانی بارت، گەزیزە زیزە و شلێرە مل شل و وەنەوشە بێ نەشە، تێکڕا بە دوای دووان لە مەرگت لە کۆچی سووری ناوەختت، لارەملن، کزن، قژەن بە چزی چزووی چزاوتووی کۆچەوە. دڵی زامی سەر زینۆ، چاوی لێڵی سەربستۆ، هاتی هەناوی دڵ بەسۆ، هەموو تێکڕا، یەکڕا بە دەنگ هاوار لە تۆ: دڵی زەریای مەنگ خواردوومان سوورە بە ئاسۆی بریندار، سەر هەڵبڕە، هاوارمان گردە بڕە، لەباوەشی مەرگا سڕ ە. سەر هەڵبڕە، دەهەڵبڕە ڕەوەزامی لێڕەواری زاموار.

ڕابە پێشەنگ!!! نیشتووی سەر دڵانی شەنگ، شەنگە هەڵۆی هەڵە تەزێن، گەلۆ بەزێن، زۆر تەلانت تلاندووە، گلاندووە. تۆ نامری مردنیشت بەزاندووە، خەساندووە. دەهەستەوە!!! بە پێنووسی بە هەستەوە، بە هەستی هەست بزوێنەوە. بڕوانە هۆزی هۆزانت هاتوون تۆز مالی تۆزی پیرۆزی بەر پێت کەن بە بڕژانگی ژان لێ نیشتوو. کڕنۆش بەرن بۆ قەڵافەتی قەڵاسا، بۆ هەوراز و هەردی هەرێمی هەرمانت. هەموو هاتوون سەفەر دەکەن بۆ ناخی فەلسەفەی ناخت، تا تەسەل کەن ڕێگای سەوزی پڕ هەناسەت.